# کوردیپێدیا

**سۆران کارباسیان**
**13-08-2012**




ویکیپیدیا بیرۆکەیەکی زۆر پیرۆز بۆ خزمەتگوزاری گشت مرۆڤی ئەم گۆی زەوییە بوو کە مەخابن پاش ماوەیەکی زۆر ئێعتبار و متمانەی خۆی وەک سەرچاوەی زانیاری دروست لە دەست دا. لە ویکیپێدیا هەر کەس دەتوانێ ببێتە ئەندام و دەست لە نووسینەکانی هەر مژارێک بدا کە لێی شارەزابێ یان خۆی لێ شارەزا بزانێ. مەخابن بەرژەوەندی و دەمارگرژی و زۆر هۆکاری دیکە وایان کردووە کە هەرکات زانیارپیەکان دەستکاری بکرێن. ئەو نەتەوانەی کە هەست دەکەن مێژوویان لە لایەن نەیاران و کەسانی ڕادیکالی دژ بەوان چەواشە دەکرێ، خۆیان هەوڵ دەدەن کە سەرچاوەیەکی لەم چەشنە بۆ خۆیان پێک بهێنن. یەکەمجار کە چاوم بە کارێکی ئاوا جوان کەوت، ئەرمێنیپێدیا بوو کە خۆیان بەڵگەکان و مێژووی خۆیان لەو پێگەدا خستە بەر چاوی جیهانیان و چارەسەرییەکی باشیان بۆ ئەو ترکە ڕادیکاڵانە دۆزیبووە کە لە پێگەی ویکیپێدیا پرسی ژێنۆسایدی ئەرمەنییەکانیان بە گاڵتە گرتبوو و بەردەوام خەریکی بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست بوون. دەست بردن بۆ کردنەوەی پێگەیەکی ئەوتۆ کاری هەر کەس نییە. شارەزایی لە ئایتی و کۆدنووسین و بەڕێوەبەری ماڵپەڕ و سێرڤێر هەیە. پێویستی بە کەسانێک هەیە کە وەک هێزی خۆبەخش و خزمەتگوزار لاپەڕەی نوێی بۆ زیاد بکەن و زانیاری لۆ کۆ کەنەوە. لە ناو کورددا ئەم گرنگە لە لایەن تاقە کەسێکەوە بونیات نرا. ئەو هەم خۆی بیرۆکەکەی داڕشت، هەم کاری داڕشتنی و پاراستنی و ...ی بۆ کرد و هەم دەستیکرد بە کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگە و وێنە و سەرچاوە. ئەمە پرۆژەیەکە کە دەبێ لە ڕاستیدا لێژنەیەک کاری لە سەر بکا و ئەم لێژنەیەش پاڵپشتی باشی هەبێ، لە کاتێکدا داڕێژەری کوردیپێدیا تەنیا یەک کەس بوو بە ناوی هاوڕێ باخەوان. نە هاوڕێ باخەوان حەزی لەوەیە کە باسی تێکۆشانەکەی بە هات و هاوارەوە بکرێ و نە پێویستی بەوە هەیە. سەردانێکی ١٠ خولەکی بۆ کوردیپێدیا زەینی مرۆڤ دەباتە ناخی زەحمەت و ماندووبوون و نیشتمانپەروەری ئەم مرۆڤە. ئەمرۆکە پاش ساڵانێک خەباتی بێ ڕاوەستان، کوردیپێدیا پڕ زانیاریترین پێگەی مێژووی کورد و کوردستانە. مێژووی ئەدەب، مێژووی شۆڕش، مێژووی کەون و مۆدێرن، مێژووی شارستانییەت و مێژووی جوگرافیا و مێژووی سیاسی کورد. کوردیپێدیا زۆرترین پەرتووکی ئەلەکترۆنی پێوەندیدار بە کورد و کورددستانی بۆ تاکی کورد کۆ کردۆتەوە. گەر مرۆڤ بیهەوێ نەتەوەی کورد لەم ڕۆژەدا چ بەسەرهاتێکی گرنگی تێپەڕ کردووە، بە کرتەیەک کۆی زانیارییەکان دەکەونە بەر دەست. لە نێو نەتەوەکان دا کاڵەندەری جۆراوجۆر بەکار دەبرردرێ کە کوردیپێدیا ئەم کێشەیەشی بۆ میوانەکان چارەسەر کردووە و بە کرتەیەک ڕێکەوتی کاڵەندەری جۆراوجۆرت بۆ کۆنڤێرت دەکا. وێنە و بەڵگە لە مەڕ مێژووی کورد و کوردستان بایەخی تایبەتییان هەیە. کوردیپێدیا بە هەوڵێکی زۆرەوە لەم پێوەندییەشەوە خزمەتگوزارییەکی زەق و بەرچاوی کردووە. کوردیپێدیا شێوەی کارکردن و بەڕێوەبەری و بڵاوکردنەوەی مژارەکانی لە ڕووی فکری بچووکی ناوچەگەرایی و لایەنگری لایەنێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکی نییە. هەموو خزمەتگوزارییەکان لە ڕووی فکر و هەستی مرۆڤایەتی و ئەڤین بە نیشتمان و نەتەوەیە. کوردیپێدیا بەو گەورەیی خۆیەوە حەز دەکا هەنگاوەکانی بڵیندتر کاتەوە. پرۆژەی دیکەی لە بەرنامەی کاری خۆی گرتووە. زمانگەلی دیکەی پێ زیاد کراوە و لە پێوەندی بە دەنگ و ڕەنگ گۆڕانکاری و زیادکاری بە خشتەی بەرنامەکانی زیاد بووە. ماوەیەکە کە کۆمەڵێک کەسی دڵسۆز وەک هێزی خۆبەخش دەستیان داوەتە هاریکاری هاوڕێ باخەوان و ئەم پێگە پیرۆزە.

وێڕای دەستخۆشی لەو کەسانە پێویستە بگوترێ کە لە چاو نەتەوەیەکی چل ملیۆنی ئەم ژمارانە گەلێک کەمن و لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەیە کە تا ئێستا ئەندامەکانی تەنیا پیاون! و شوێنی بۆشایی ژنانی تێدا دیارە. سەردانی کوردیپێدیا کەڵک و تامی تایبەتی هەیە. هەر سەردانێک بۆ ئەم پێگەیە بێ قازانج نابێ و هیوادارم یەک لەو سەردانانەتان ببێتە هۆی سازبوونی ئەو بیرە کە ئێوەی هێژاش دەستی هاریکاری بۆ ڕابکێشن. کوردیپێدیا ماڵێکە بۆ هەموان.

تێبینی: من هیچکات ئامادە نیم لە بەرژەوەندی لایەنێک یان حکومەتێک تاقە ڕستەیەک بنووسم/بڵێم. لە هەر شوێنێک بۆم بگونجێ باسی هەندێک پێگە دەکەم کە جێی شانازین و کەڵک و خزمەتی باشیان بە کورد گەیاندووە. کوردیپێدیا، وێبچن، زانستپەروەرانی کورد و کوردیش ئایتی گرووپ لەم پێگانەن کە لام پیرۆزن و خۆشم دەوێن. بە ئەندام و ئامانجیانەوە

ماڵپەڕی کوردیپێدیا

http://www.kurdipedia.org/

هێژا کاک هاوڕێ باخەوان جیا لەم پێگەیە، ماڵپەڕی تاکەکەسی خۆشی هەیە و لەوێدا زۆر زانیاری و پەرتووکەکانی خۆی داناوە. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم تێکۆشەرە، دەتوانن سەردانی ئەم بەستەرەی ژێرەوە بکەن

http://bakhawan.com/